# رێکخراوی چاوی زانکۆ CZO

# سندوقی نیشتیمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی NED

## کورتە باس دەربارەی :

## پرۆژە یاسای نوێنەرایەتی قوتابیان/خوێندکاران

## مۆدێلی نوێی پێشنیارکراو

## گرینگی و پێوەرەکانی سەرکەوتنی

**ئابی ٢٠١٩**

# تەوەرەی یەکەم

## پرۆژە یاسایی دیاریکردنی نوێنەرایەتی خوێندکاران/قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان

## ( پێشنیارکراو )

"ریفۆرم لە خوێندنی باڵا، تۆکمەکردنی کۆڵەگەیکی گرینگە لە سیستەمی فەرمانرەوایی "

"بێ گومان وەبەرهێنان لە پەروەردە و خوێندنی باڵا بژاردەیەك نیە بەلکو ئەولەویەتێکی لوتکەیی هەموو وەڵاتێکە بەبێ رەچاوکردنی توانایی ئابوریان "

هەربۆیە ئێمە لە رێکخراوی چاوی زانکۆ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتیمانی ئەمریکی بۆ دیموکراسی NED بۆ ماوەی سێ ساڵە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان کار لەسەر پرۆژەیەك دەکەین لەسەر بەهێزکردنی بەژداری قوتابیان/خوێندکاران لە ژیانی گشتیدا لەم چوار چێوە ئێمە ( پرۆژە یاسایی دیارکردنی نوێنەرایەتی قوتابیان / خوێندکاران لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکاندا ) ئامادە کردووە کە تێدا مۆدێلێکی نوێ نوێنەرایەتی کردنی پێشنیار کردووە بە بەرگێکی خۆماڵی کە دووبارە پێناسەی نوێنەرایەتیەکان لە رووی ئەرک و ماف و دەستەڵاتەوە کراوتەوە وە مافی بەژداری بە هەموو قوتابیان/خوێندکاران داوە بۆ ئەوەی رۆڵێیان هەبێت لە دەرکردنی ئەو بریارانەی پەیوەست بەژیانی خۆیانەوە وەک ( خۆبەرێوەبەری خوێندکاران/قوتابیانی زانکۆ ) ، ئەم پرۆژەیە رۆڵێکی ئیجگار گەورە دەبینیت لە دروست کردنی رابەری پیشەیی و بەهیزکردنی سەرکردایەتی و بەرزکردنەوەی رێزبەندی نیشتیمانی زانکۆکان . بێ گومان رێکخراوی چاوی زانکۆ بە هاوکاری هەریەک لە کۆمەڵێک (رێکخراو و دەزگا و راوێژکار و ئەندام پەرلەمان و قوتابی/خویندکارانی زانکۆ و مامۆستای زانکۆ و رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان ....) پرۆژە یاسایی نوێنەرایەتی زانکۆ و پەیمانگای ئامادەکردووە ، لەم پرۆژە یاسایەدا تەواوی سیستەم و ستراکتۆری کارگێری نوێنەرایەتی زانکۆ و پەیمانگا بە شێوازێکی زانستی پێشکەوتوو دادەرێژێتەوە بە جۆرێک لەگەڵ پێداویستیەکانی ئەم سەردەمدا بگونجێت . هەروەها ئەم پرۆژە یاسایە ئازادی زانستی و و ئازادی ئەکادیمی لە بەرێوەبردنی نوێنەرایەتی و بەشەکانی زانکۆ زامن دەکات ، ئەم یاسایە زەمینە دەرخسێنێت بۆ ئەوەی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شەفافیەت و هەلی یەکسان و دادپەروەری و کۆمەڵایەتی لە زانکۆ و پەیمانگاکان زیاتر بچەسپێت .

## بەكورتی  پرۆژە یاسای نوێنەرایەتی قوتابیان / خوێندكاران چی یە ؟

- پرۆژەكە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ كاری لەسەر كراوە و بەردەوامە .
- مۆدێلێكی نوێی سیستەمی قوتابی/خوێندكاری پێشیاركردووە بەبەرگێكی خۆماڵی .
- پرۆژە رۆڵیكی ئێجگار گەورەی هەیە لەبەهێزكردنی سەكردایەتی و دروستكردنی رابەری پیشەیی لە ناو قوتابیان / خوێندكاران
- پرۆژەكە كاری كردووە لە سەر( سەر لەنوێ ) پێناسەكردنەوەی نوێنەر و( نوێنەرایەتیەكان)
- ئەم پرۆژەیە  كاری كردووە لەسەر شیوازی نوێنەرایەتی كردنی رەگەزی مێ و دروست كردنی كەسایەتی سەركردە لەناو مێیندا بە رەخساندنی ژینگە گونجاو دەرفەتی یەكسان .
- پرۆژە لەلایەن پسپۆرانی بواری یاسایی و پەروەردەی و خوێندنی باڵا و پسپۆرانی بواری هەڵبژاردن هەڵسەنگێندراوە
- پرۆژەكە بە راوێژی راستەوخۆی دەزگا گەورەكان و بەبەژداری راستەوخۆی قوتابیان/خوێندكاران  لە هەرێمی دارێژراوە .
- پرۆژەكە راستەوخۆ پشت ئەستورە بەو راپرسیە مەیدانی و ئۆنلاینانەی ئەنجامداوە لەناو قوتابیان/وخوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان

## گرینگی و پێوەرەكانی سەركەوتنی مۆدێلە نوێكەی سیستەمی نوێنەرایەتی:

بۆئەم سیستەمە یاخود هەرسیستەمێكی هەڵبژاردنی باش دەبێت كۆمەلێك پێوەری جهانی ناوەخۆی بهێنێتە دی ،هەربۆیە ئێمە هەوڵماندادوە رەچاوی ئەم پێوەرانە بكەین بۆ ئەوەی ئەم سیستەمە بتوانی سەركەتوو بێت و ئەزموونە بكرێت .

١ . هێنانەدی ئاشتەوایی كۆمەڵایەتی و تەبایی لەنێوان  قوتابیان/خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكان .
٢ . هینانە كایەوەی مۆدێلێك ( نوێنەرایەتەك)ی جیگیر و شارەزا كە كاروباری قوتابیان/خوێندكاران بە لێهاتوویەوە رایی بكات  و رێكیان بخات .
٣. هەلی هەڵبژاردن بۆ هەموو قوتابیان/خوێندكاران برەخسێنێ وە هەلبژاردنەكە تەواو ئارام بێت .
٤. ملكەچكردنی نوینەرایەتی بە لێپرسینەوە لەلایەن خوێندكاران /قوتابیان ( دەنگدەرەكانی ) .
٥. بەهەند وەرگرتنی پیوەر نێودەولەتیەكانی هەلبژاردن لەكاتی دیزان كردنی سیستەمی هەڵبژاردن لە ناو ناوەندەكان بۆ نموونە ( دەنگدان نهینی بیت ،هەموو خوێندكارێك مافی بەژداری هەبێت ، هەڵاوێرد و ژماردنی ئاشكرا )
٦.بەدیهینانی ئاستی جیاواز نوێنەرایەتی كردن (ئاینی جیاواز ، نەتەوەی جیاواز و رەگەزی جیاواز ، حزبی جیاواز).
٧. پرۆسەی هەلبژاردن پرۆسەیكی بەردەوامی دەبیت ،  واتا هەموو ساڵێك لە یەك كات و رۆژ ئەنجام بدریت .
٨. هاندانی دروست كردنی یانە و گروپ و رێكخراوی جیاواز لە ناو كۆلێژ كە ئەمە درەفەتی زیاتر بە خوێندكاران/قوتابیان

دەدات کە بەشداریان هەبی لە ناو کۆلێژەکان وە چالاکی مۆسیقی و کلتوری و سیاسی و زانستی رێك بخەن زانکۆ لە ناوەندێکی ناچالاك بگۆرن بۆ ناوەندێکی مەعریفی و رۆشەنبیری گرینگی پڕ لە چالاکی .

٩. دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی دەستێوەردانی دەرەکی لە ناو ناوەندەکانی خوێندن و کاروباری خوێندکاران /قوتابیان.

## هۆکاری دەرچوونی پڕۆژەکە:

لە پێناو بەهێزکردنی سەرکردایەتی و دروست کردنی ڕابەری پیشەیی لە ناو خوێندکاران/ قوتابیان و قوڵکردنەوەی کلتوری دیموکڕاسی لە ناوەندەکانی خوێندن وەك بەشێکی زیندووی کۆمەلگە ،لەگەڵیدا بەرفراوانکردنی بەشداری و ئازادیەکانی خوێندکاران/قوتابیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیەکان ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم هەمووان بە ڕەگەز و نەتەوە و ئایین و لایەنە جیاجیاکان لە کێبرکێ کردن بۆ بەدەستهێنانی متمانەی خوێندکاران/قوتابیان . ئەمەش دەبێتە هۆی ژینگەیکی گونجاو بۆ فرەیی و ململانێی دیموکڕاسیانە و بەرزکردنەوەی توانا زانستی و رۆشەنبیری و مرۆیەکانی خوێندکار/قوتابی و دروست کردنی نوێنەرایەتیێکی جێگر و شارەزا بە کاروباری خوێندکاران/قوتابیان کە بتوانیت بێ جیاوازی خوێندکاران/قوتابیان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و کاروبارەکانیان رێکبخات .

## بۆچی ئێمە کار لەسەر هاتنە پێشوەی کچان (مێینە) دەکەین لە سیستەمەکە:

چونکە ئێمە پێمان وایە دەبێت ئافرەتان پلە و پۆست وەربگرن بەهۆی کارامەیی و لێهاتوویان نەك لەبەر ئەوەی ئافرەتن هەر بۆیە لە قۆناغی ئیستادا ئێمە کارمان کردووە لەسەر رەخساندنی دەرفەتی زۆرە ملێ ( جیاکاری ئەرێنی ) بۆ هێنانە پێشەوەیی رەگەزی مێ واتا زیادبوونی رێژەی رەگەزی مێ بەیەکسانی لەگەڵ رەگەزی نێر لە رێگایی پیادە کردنی شێوازی دوو نوێنەری ( کچ و کور). ئەمەش بە ئامانجی دروست کردنی ژینگەی گونجاوە نەك بەتەنیا رەخساندنی دەرفەت بۆ رەگەزی مێ .

## ئەم پرۆژەیە تەواو زانستیە:

ئەم پرۆسەیەش بریتیە لە پرۆسەی بەهێزکردنی سەرکردایەتی و گەشەپێدانی زانکۆکان و لێك بەستەنەوەی پیکهاتەکانی لەرێگایی دامەزراندنی سیستەمی نوێنەرایەتی تۆکمە و بەرجستە کردنی دادگەری رەگەزی و ئاینی و نەتەوەی و سیاسی.وە بێ گومان ئەم پرۆسەیە پیوستی بە حیکمەت و دووربینی و نیەت و ئیرادە و پێداگری و لە خۆبوردەیی هەمووان هەیە بە تایبەت رێکخراوەکان. وە پیوستی بە فشاری و پالپشتی پەرلەمان و کۆمەلی مەدەنی و هاندانی رۆشنەبیر و مامۆستایانی زنکۆ و خوێندکاران/قوتابیان هەیە. بەتایبەت گەر بمانەوێ هەریمەکەمان وەك نیشتیمانیکی یەکگرتوو گەشە بکات و بەسەر گرفتەکانیدا زاڵ بیت و زانکۆکانمان بننە سەرچاوێکی باش بۆ دروست کردنی رابەری پیشەیی و کەسایەتی سەرکردە بۆ بازاری کار و کۆمەلگا .

# نموونەیەك لە مۆدێلە پێشنیارکراوەکە






# تەوەرەی دووەم

## کۆمەڵێك و وەڵام پرسیار ( دەربارەی پرۆژە یاسایی نوێنەرایەتی و مۆدێلە پێشنیارکراوەکە ) :

پرسیاری یەکەم :

ئایا ئەم نوێنەرایەتیە و مۆدیلە پیشنیار کراوە جێگرەوەی رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکانە ؟

وەڵام : ئەم پرۆژەیە لە پێناوی ( دەرکردن و رەشکردنەوەی ) هیچ لایەنەك و رێکخراوێك نابێت وە بەدیلی رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان نی یە چونکە ئەم مۆدێلە کار بۆ هیچ لایەنێکی سیاسی ناکەن بەڵکو نوێنەرایەتی خودی خوێندکار /قوتابی دەکەن لە زانکۆکەی خۆیان .

پرسیاری دووەم :

ئایا کێ نوینەرایەتی ناو زانکۆکان دیاری دەکات و لەلایەن کێ سەرپەرشتی دەکرێن ؟

وەلام : خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەریگایی دەمەزراوەکانی ( زانکۆ و پەیمانگاکان ) رۆڵی دەبیت لە دیاری کردنی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ قوتابیان /خوێندکاران وە راستەوخۆ لەلایەن زانکۆکەی خۆیانەوە سەرپەرشتی دەکرین و ئەمانیش تەنیا ئینتیمان بۆ زانکۆکەی خۆیان دەبیت .

پرسیاری سێیەم :

ئایا رێکخراوی چاوی زانکۆ کار بۆ جێگیر کردنی خۆی دەکات لە ناو زانکۆ و پەیمانگاکان ؟

وەڵام : بێ گومان نەخێر چونکە رێکخراوی چاوی زانکۆ رێکخراوێکی پێشەیی خوێندکاری نیە وە رێکخراوێکی جەماوەریش نیە وە کار لەسەر زیادکردنی ئەندامان ناکات بەڵکو رێکخراوی چاوی زانکۆ رێکخراوی ناحکومی قازانج نەویستی سەربەخۆیە بە پالپشتی بەخشەرە نێودەوڵەتیەکانی وەك دامەزارەێکی ئەکادیمی و کۆمەڵی مەدەنی سەربەخۆ کار لەپێناو باشترکردنی پرۆسەی خوێندن و بەهێزکردنی بەژداری قوتابیان/خوێندکاران دەکات و رۆڵ دەگێریت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و رۆشەنبیری زانکۆکان بە راسپارە و توێژینەوەکانی .

ئەمەش مانایی ئەوەیە رێکخراوی چاوی زانکۆ بەهیچ شێوەیەك تەداخول ناکاتە ناو کاروباری زانکۆ .

پرسیاری چوارەم :

ئایا ئەم نوێنەرایەتیە لەسەر ئاستی هەرێمی یە یاخود نوینەرایەتێکی تایبەت بە زانکۆ پەیمانگاکان ؟

وەڵام : نەخێر بەڵکو ئەم نوێنەرایەتیە تایبەتە لەسەر ئاستی زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگاندا وە هەر زانکۆیەك ئازادن لە هەڵبژرادنی ناوێك بۆ هەیکەلی دەستەی باڵای نوێنەرایەتی قوتابیان /خوێندکاران

پرسیاری پێنجەم :

ئایا ئەم نوێنەرایەتی دووبارە هۆکارێك دەبیت بۆ ملمانێ سیاسیەکان ؟

وەڵام : بێ گومان نەخێر لەم پرۆژەیە کار لەسەر سیستەمی هەڵبژاردنی تاکە کەسی کراوە بەهێچ شێویەك رێگا نەدراوە رێکخراوە قوتابی و خوێندکاریەکان لیست دروست بکەن لەو رێگایە وملمانی سیاسی دروست بێت و رەوشی ناوەندنەکانی خوێندن بەرەوو ئالۆزی بچێ ( وەك ئەوە لەساڵانی پێش ٢٠٠٥ لە ناو ناوەندەکان دروست دەبوو ) ، بگرە ئەم هەڵبژاردنی تاکە کەسیە رێگا بەگشت خوێندکاران / قوتابیان دەدات بەتایبەت خوێندکار/قوتابیە لێهاتووەکان دوور لە ئینتیمایی حزبی نوینەرایەتی قوتابیان /خوێندکاران بکەن بەبێ جیاکاری. وە لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی کەسیە ئەمە رێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی نوێنەرایەتێکی هەمەرەنگ دروست ببێت و وەك پێکەوە ژیانی سیاسی سەرکەتوو سەیر بکرێت .

## تەوەرەی سێیەم

### رێگاکانی تێپەراندن و جێبەجیکردنی پرۆژەکە :

(١). ئەم پرۆژیە دەکرێت لە کارنامەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە جێگایی بکریتەوە دواتر لەرێگایی برِیاری یاخود رێنمایی پێشکەش بەزانکۆ و پەیمانگاکان بکرێت و جێبەجێ بکرێت .

(٢).لەرێگایی ئەو پرۆژە یاسایانەی کە خودی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی بۆ ریفۆرمی خوێندنی باڵا پێشکەش بەپەرلەمانی کوردستان دەکات .

(٣). راستەوخۆ لەرێگایی پەرلەمانی کوردستان وەك پێشنیازی یاسایی لە رێگایی پەرلەمانتارانی بەرێزەوە دوایی واژۆکردنی (١٠ ) ئەندام پەرلەمان لەسەر پرۆژەکە .

(٤) لەرێگایی هەر هەرناوەندێکی خوێند (زانکۆ ، پەیمانگا ، کۆلێژ ) بە تایبەت ئەو زانکۆ یان پەیمانگایەی کە دەستپێشخەری بکات و رێگا بدە مۆدێلە نوێیەیەکەی سیستەمی نوێنەرایەتی ( خۆبەرێوەبەری خوێندکارانی زانکۆ ) تیایدا جێ بەجی بکرێت .

## هاوپێچەکان :

(١). رەشنوسی پێشنیازی یاسایی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان / خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا-هەرێمی کوردستان .

(٢) . راپۆرتی ساڵانی پرۆگرامی بەهێزکردنی بەژداری گەنجان و فێرخوازان لەژیانی گشتیدا بۆ ساڵی ٢٠١٧- ٢٠١٨.

(٣) . راپۆرتی ساڵانی پرۆگرامی بەهێزکردنی بەژداری گەنجان و فێرخوازان لەژیانی گشتیدا بۆ ساڵی ٢٠١٨- ٢٠١٩.